# سەرنجەکانی بەڕێز کەماڵ ڕەئوف و داواکاریەک وپێشنیارێک

**سەمەدموحەمەدئەمین**

ماوەیەکە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق هاتۆتە سەر قسەکردن لە جیاکردنەوەی ڕێکخراوی کوردستانی ئەو حیزبەوپێک هێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان ، لە پلیۆنۆمی ئەم دواییەدا داوالەمەکتەبی سیاسی کراوە کە بەشوێن بەکردەوەدەرهێنانی ئەم پرۆژەوە بێت ،بۆیە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا نوسینێک لەلایەن شەماڵ عەلی ونوسینێکیش لەلایەن عەبدوڵلامەحمود ئەندامانی ڕابەرایەتی بۆ گفتوگۆ بڵاوکرانەوە بۆ زەمینە خۆشکردنی خستنە سەر پێی ئەو پرۆژە سیاسیە، کەماڵ ڕەئوف چەند سەرنجێکی لەسەر ووتارەکەی عەبدوڵلا مەحموود لەماڵپەڕی دەنگەکان بڵاو کردەوەکە بەدگومانی خۆی دەردەبڕێ لە مبەستی سەرەکی ئەو پرۆژەیەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق ،من بەتەواوی لە بەد بینیەکەی تێ دەگەم وهاو ڕایم ،هەر بۆیە پێویست نی یە من دووبارەیان بکەمەوە،ئەوەندە نەبێ کە من هەست ناکەم پرۆژەکەی (حککا)درووست کردنی حیزبێکی سیاسی تازەیە ،واتە بەشێکی ئەو حیزبە(ڕێکخراوی کوردستانی حککا) بە هەمان سیاسەت وبەرنامەوپەیڕەوەکەی کۆمۆنیزمی کرێکاری جیادەکەنەوەو ڕادەگەیەنن ،ئەم کارە جگە لەبەشێک لە ناوەکەیان هیچ شتێک ناگۆڕێت.
ئەوەی من لێرە مەبەستمە لێی بدوێم ئەوحیزبەتازەیە کە کەماڵ ڕەئو ف ومن وزۆر کەسی تریش پێویستی ومومکین بوونی درووست بوونی درک دەکەین، ئەو حیزبە تازە ی کە کەماڵ ڕەووف بە حیزبێکی عەمانی و مۆدێرن کە لەناو حکوومەت و ئۆپۆزیسیۆن دا دەوری کاریگەر ببینێ وداکۆکی لەخەڵکی هەژار بکات چۆن پێک دێت ؟کێ دەتوانێت پێکی بێنێت ؟دەبێ چۆن حیزبێک بێت؟

ئەوحیزبەهەر ئەوڕێکخراووکادرە سۆسیالیست وچەپانەی ڕەخنەیان لە واقیعیێ ئەمرۆی کۆمەڵگا هەیەوباس لە دنیایەک وژیانێکی باشتر دەکەن دەتوانن پیکی بێنن وریزەکانی خۆیانی تێداڕێک بخەن ،هەر ئەو بیروبۆچوونانەی ڕۆژانە باسی لێ دەکەن ودەنووسن وبڵاودەکەنەوە دەکرێ ببێتە بابەتە بناغەییەکانی سیاسەت وبەرنامەکەی،ئەمە کارێکی مومکینە،بەڵام موبادەرەوکاری دەوێ،بێ گوومان تا دەستی بۆ نەبەین لەخۆوە ناکرێت،هەرچەندیش ڕێکخراووکادرەکانی بزووتنەوەکە زیاتر بەشداری تێدا بکەن ئاسان تر وموممکین تردەبێت.
کاک کەماڵ باس لە پێشنیارێک وهەوڵیک لەو ڕاستایەدا دەکات کە 3ساڵ پێش ئێستا کردوویەتی کە بەداخەوە پێشوازی پێویستی لێ نەکراوە، من بەشبەحاڵی خۆم بەداخەوە ئەو پێشنیارەم نەبینیوەلەلایەکی ترەوە ئێستا هەوڵێکی لەو چەشنە لە ئارادایەکە چەند ڕیکخراووگرووپ و کەسایەتیەکی سیاسی چەپ خەریکی کار کردنن بۆ بەسەرئەنجام گەیاندنی کارێکی لەو چەشنە ،بۆیە من داوا لە کاک کەماڵ دەکەم کە پێشنیارەکەی دووبارە بخاتەوە بەر دەست ودیدی بزووتنەوەی چەپ وسۆسیالیستی کەبێ گوومان دەتوانێت دەوری هەبێت لە بردنە پێشەوەو بەسەرئەنجام گەیاندنی ئەوپرۆژەسیاسیەپێویستە.
بەرای من خەبات بۆ گۆڕینی ئەم واقیعە هەر ئێستا هەیە وبە شیوەی جۆراو جۆر خۆی دەنوێنی ،چەپ وسۆسیالیستەکانیش لەم نێوەدا دەوریان هەیە و بە بیرومیتۆدی تایبەت بەخۆیان

دەیانەوێت گۆڕان کاری بە قازانجی هەژاران پێک بێنن،بەڵام ئامرازی پێویستی ئەو گۆڕانکاریەیان(حیزب)بەدەستەوە نیە کە هەمووئەو هەوڵ و خەباتە یەک بخات تا بە شێوەیەکی ڕێکخراو کاریگەری لەسەرکۆمەڵگا دابنێ،سەرئەنجام بەشێکی سەرەکی خەبات وتێکۆسانیان بە فیڕۆدەڕواووەکوپێویست سەمەربەخش نابێت.

بە بڕوای من حیزبێکی لەم چەشنە دەتوانێ دەور ببینی وبەرژەوەندی هەژارانی کۆمەل بپارێزی وئامرازی خەباتیان بیت بۆ بەرقەراری دادپەروەری کۆمەڵایەتی .

1.حیزبێکی سۆسیالیست ودیموکرات کە لە پێناو بەرقەراری داد پەروەری کۆمەڵایەتی دا خەبات بکات و تێ بکۆشێ، خەبات بکات بۆ یەکسان کردنی جێگاو شوێنی ئابووری وکۆمەڵایەتی وحقووقی تاکەکانی کۆمەڵ،خەبات بکات بۆ گۆڕینی کۆمەڵ بۆ کۆمەڵگایەکی مەدەنی وسۆسیال ،خەبات بکات بۆ ڕیفۆرمە(چاک سازی)سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتیەکان وبیکاتە بەشێکی بنەڕەتی بەرنامەی خۆی .

2. حیزبی هەژارانی کۆمەڵ بێت (کرێکاران ،فەرمان بەران،مامۆستایان ،جووتیارانی هەژار،قووتابیان ،خانەنشین وپەک کەوتەکان)لە پێناوبەدی هێنانی ئامانجەکانیان شێلگیرانە خەبات بکات وبەرژەوەندی ودەسکەوتەکانیان بپارێزێ،حیزبێکی کۆمەڵایەتی خاوەن بەرنامەوسیاسەتێکی ڕۆشن وسادە ،هەم ئاهەنگ کەری خەبات وتێکۆشانی چین توێژە هەژارەکانی کۆمەڵ لە ڕێگای حیزب و ڕێکخروە جەماوەریە کانیانەوەبێت.

3.حیزبیکی دیموکرات وکراوەلەپەیوەندیە ناو خۆیەکانی و کۆمەڵگادا،حیزبی چالاکی ناو دامودەزگاکانی دەوڵەت وئۆپۆزیسیۆن بۆپاشەکشە پێ کردنی بەرەی ڕاست وسەرمایەداران لە هەموو مەیدانەکاندا،دژی سیاسەتی دیکتاتۆری وپاوانخوازی دەسەلات بێت .

4.حیزبیکی سکۆلار(عەلمانی)کە خەبات بکات بۆبنیات نانی کۆمەڵگایەکی ئازاد وپێشکەوتووبە جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت وپەروەردەوفێرکردن ،جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی یاسادانان ،بەڕیوەبردن ،داد، دژی نەخێندەواری ونەزانی وخورافەبێت.

5.حیزبی یەکسانی هەمەلایەنەی ژن وپیاو بێت،دژی هەموویاساوڕیسایەکی دواکەوتووبێت کە دەیەوێت جیاوازی نێوان ئینسانەکان لەسەر بناغەی ڕەگەز،دین،مەزهەب،نەتەوەبکات،وەبەرنامەی تایبەتی هەبێ بۆبەشوێنداچوونی یەکسانی ئێوان ئینسانەکان .

6.حیزبێکی کوردستانی بێت خەبات بکات بۆگێڕانەوەی مافی دیاری کردنی چارەنووسی گەلی کوردستان کە بەناهەق لێی زەوتکراوە ،لەهەمان کاتتدا پەیوەندی خەباتکارانەی لەگەڵ بزووتنەوەو حیزب وڕێکخراوەچەپ وسۆسیالست وپیشکەوتن خوازەکانی دنیا هەبێت ، هاوکاری کەری هەموو حیزب و ڕێکخراوەسیاسیەکوردستانیەکان بێت کە خەبات لە دژی ستەمی میللی دەکەن.

08.03.2007